بەڕێزانی کۆمەڵەی زارۆك پەروەرانی کوردستان لە ئینگلیس، کاك هەردی قادر !
زۆر سوپاس بۆ نامەی ناردراوتان بۆ بارۆسۆ (سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەوروپا) .

لە نامەکەدا نیگەرانی خۆتان دەربریوە بەرامبەر بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە تورکیە و بە تایبەتی رۆژهەڵاتی تورکیە. من لەسەر داوای سەرۆك بارۆسۆ جوابی نامەکەی ئێوە ئەدەمەوە.

یەك گرتوی ئەوروپا بەرژەوەندی خۆی لە تورکیەێکی دێموکراتیك و سابیتدا دەبینێتەوە. هەروەها تورکیەێکی کە لەباری مافی مرۆڤ، یاسا، ئابوری و سیاسەتی کۆمەڵگا هاوشانی ئێمە بێت.

بەپێی خاڵەکانی پرۆسەی وەرگرتنی ئەندامانی یەکەتی ئەوروپا، کۆمیسیۆنی ئەوروپا بە وردی چاودێری حەولەکانی تورکیەیە. بۆ نمونە کۆمیسیۆن زۆر جار پسپۆر دەنێرێ بۆ تورکیە تا لە نیزیکەوە کار و حەولەکانیان ببینن و هەلیسەنگێنن. ئەم پایزە کۆمیسیۆن راپۆرتی "پێشچونی ساڵانەی" (Annual progress raport) بڵاو دەکاتەوە. لەم راپۆرتەدا بەتایبەتی سرنج دەخرێتە سەر ئەنجام دانی چەند خاڵێك کە تا ئێستا دەبایە ڕێکخرابان. ئەم راپۆرتە ئەنجامدانی کارەکانی پارازتنی مافی منداڵیش، بەپێی کونڤۆنسیۆنی (قەرار نامەی) مافی منداڵان دەگرێتەوە .

لەسەر داوای کۆنڤۆنسیۆنی مافی مرۆڤ و دادگای مافی مرۆڤ لە ئەوروپا بەشێك لەم یارمەتیە مالیەی کە دەدرێ بە تورکیە لە لایەن یەکیەتی ئەوروپاوە تەرخان کراوە بۆ پرۆژەی رێفۆرم لە ناو دادگاکان، بارهێنانی قازیەکان و دەزگا یاسا دانەرەکانی تورکیە.

قانونی سالی 2005، لەسەر پاراستنی مافی منداڵ لە تورکیە، رێگە بە جودا کردنەوەی دادگای منداڵ لە دادگای عاددی دەدا. هەرچەند کە سزاکان فەرقیان هەیە بەڵام هێشتاش منداڵە تاوانبارەکان لە ناو چوارچێوەی قانونی ئاساییدا دادگایی دەکرێن. وا داندراوە کە لە لایەن (Turkish National Plan of Action) تا سالی 2015 لە هەمو ئەیالەتەکانی تورکیە دادگای تایبەت بە منداڵ هەبێت.

هەرچەند رێفۆرمی یاسا دانان کەموکوڕی تێدا بوە، بەڵام دەزگا یاسایەکانی تورکیە بەڕەو نیزیکبونەوەی ستانداردی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا ئەچن.

سەبارەت بە روداوەکانی دیاربەکر لە نێوان مانگی مارس دا کە ئێوە باستان کردبوو، بەپێی ئەو زانیارانەی لەبەردەستدایە ژمارەیێك منداڵ، بە تاوانی " ئاژاوە هەڵگیساندن " و هاندانی خەڵك بۆ شۆرش و دوژمنایەتی کۆمەڵگا بەندکرابوون. لەسەر داوای یەکەتی وەکیلانی سەنتەری مافی منداڵان لە دیاربەکر بەشێک لە منداڵەکان ئازاد کران. لە 31 مانگی مایدا هەموویان ئازاد کران و کەسیترلە بەندیەکان لە زیندانداا نەما. بەڵام کۆمیسیۆن ئاگاداری ئەوەش هەیە کە پرۆسەی دادگایکردنی ئەم منداڵانە هێشتا هەر بەردەوامە.

تکایە دڵنیا بن لەوەی کە لە دانوساندن لەگەڵ بەرپرسیارانی تۆرکدا کۆمیسیۆن تا ئەو راددەیەی بتوانێ گرنگی دەدا بە باشکردنی وەزعی رۆژهەڵاتی تۆرکیا و دامەزراندن و پارازتنی حەقە سەرەکیکان لەوێ. کۆمیسیۆن هەروەها بەردەوامە لە چاودێری کردنی وەزعەکە لە نیزیکەوە .

بەڕێزەوە: Christian Danielsson

Created with novaPDF Printer (www.novaPDF.com). Please register to remove this message.